# هێشووە یاقووتییەکانی باران

ئەنوەری ڕەشی عەولاّ



خەیاڵی – با– بێمەنهەج بوو
هەروەخت لەدووی ئیشراقی شانشینەکەشی پەلیکوتابا – با –
نیلۆفەرەکانی گیانی :
لەسەر بەردەنوێژی ئاوێکی مەست
سەمای ئیلاهیانەیان دەستپێدەکرد .

هەوریش ، لە خەڵوەتی ئاتەشگەدەکەیدا :
دیلانێی بە ئەندێشەی ئایەتە بەخشندەکانی دەکرد..و
بارانە مەدهۆشەکانیش ..بیریان
لە جیلوەی سوورەتەکانیان دەکردەوە
کە بە شەنگەبییە شەونماوییەکانی– با– دا هەڵگژابوون .

کە خونچە دەم چکۆلەکانی باران..، شەریعەتی
شیعریان بۆ فریشتە کەمدووەکانی ڕووبارێ شەرح دەکرد
وردە شەپۆلەکان دەخەنینەوە
شەرابی نەشئەییان دەنۆشی..،بێدەنگیە مەغرورەکان .

بوومە سەرنشینی گەمییە ئەنگۆرەییەکانی باران..و
بە وەرزە برۆنزییەکانی– با – شم گووت : زۆر مەزەدارانە
فوو بکەن بە چارۆکە پەمەییەکانی هەوردا .

لە قامووسە تاقانەکەی باراندا :
قەدەری کێلونەکانی زنە خۆم..و

قەیاغی یاخیبوونەکانی کانی خۆم..و
تەقسی نامۆییەکانی جۆگە خۆم..و
قەریحەی ڕەنجەکانی ڕووبار خۆم..و
سەرقافڵەی نەوڕەسەکانی دەریا خۆم..و
شا ئیقاعی هەقیقەتە سەرابییەکانی
ئۆقیانوسیش خۆمم !

پێ بە پێی شنەیەکی نەشمیلانەی لە ڕۆشنایی چنراو
بە هەودا شیفۆنییەکانی باراندا شۆڕبوومەوە..تا
ئەشکەوتی
پەیڤە پەلوپۆدارە نا ئاشناکانی
ئاشنایی ،
تا جاری جارانی گوڵدانە قەشەنگ و
نەشکاوەکانی ئەستێرە..و
تا گلەییەکانی دەروشانەوە : لە –گاتا– کانی
ڕۆژگارێکی ئاونگاوی ،
تا تاتەشۆرەکەی خەون و خەیاڵە خاڵخاڵۆکەییەکانی مناڵی !

جاری جاران...، ئێمەی باران
لە پەسا
بازبازێن..و
قەڵاّدۆشکان..و
هەتەکە و گۆتەکەمان دەکرد
بەسەر پشتی پەلکەزێڕینەکانی ڕۆحی یەکدییەوە ، تا ئەو حەلەی
زارۆك بووین
زەماوەندی ئەو وازییە بە گەزافانەمان تەواو نەدەبوون
تەواو نەبوونی تاراجی تریقانەوەکان..و

تەواو نەبوونی ڕاکەڕاکەی ڤیف ڤیفێن..و
ڕاکەڕاکەی یاقووتە بەبریقەکانی گلۆر..و
هەڵمات و
هەڵماقۆکان و
تەواو نەبوونی ویقاری سەرمەقولات..و
تەواو نەبوونی ئەو شوعلە دڵگەشانەی
جارێکی دی...ناپشکوێن و ناپشکوێن .
تەواو نەبوونی هیچ..ئا هاوڕێم هیچ !

لە بیرم دێ ، لەگەڵ ئەستێرە چاو گەشەکانی ئاسماندا
دەخزاینە ژێر لێفە زیوییەکانی هەورەوە
تا خەونی زێڕینیمان..، بە بارانە بەژن زراڤەکانەوە ببینیایە .

نیازمە ڕوخسەتێ لە– با – کزۆڵە و حەزینەکانیش بخوازم..و
پێیان بێژم : مناڵی یەعنی...
یاریکردن لە کۆلانە پڕ وەسوەسەکانی پرسیاردا
مناڵی یەعنی : هەڵگەڕان بە درەختە چلوچێودارەکانی خەیاڵدا
مناڵی یەعنی : شێر و خەت لەگەڵ قانوونەکانی موتڵەقدا و
مناڵی یەعنی : دگلان دگلان و سواربوونی ئەسپەدارینەی مێژوو
مناڵی یەعنی : هیچ ! ئا... هیچ !!

مناڵی..موناجات و تریفەی گەوهەرەکانی هەتاوێ بوو
لە شەختەبەندەکاندا...، لە خێڵە شۆخ و شەنگەکانی
خۆر بەجێما
چما..من ، هەمیشە لەدووی گوڵە نازنازەکانی ئەو کیشوەرە گومبووەم
هەڵوەدام
چما..من ، هەمیشە بەم پیرییەوە عاشقی ئەو عاشقبوونە ڕەنگاڵەییەم ؟

من هەمیشە ڕادەکەم..لەهوتافاتی هەیکەلە بێ موعجیزەکانی
هەور و
لە خود نمایشی زڕە خەیاڵەکانی ئاسمان..و بە پێی حیکمەتی
مێژوویەك

خۆم دەکەم بە کوچە پێچاوپێچەکانی ئیدراکدا
ئیدراکی.. تەلارە پڕ پەنهانەکانی گەلاَ و
خەڵووەتە پڕ گوناهەکانی
ڕ
ە
گ

لەوێندەرێ... زینا لەگەڵ شاژنە پاکیزەییەکانی
ڕ و ا ن د ا ، دەکەم
لە پەردەکوللەی ئاشووبە شیفۆنیەکانی خاکدا .

وەك دڵۆپە ئاوێکی خومار ، بە خەمانی زەمزەمەی زامە بێ نەخشەکان
هەمیشە..چاو لە چاوی خۆر دەبڕمەوە ،، تا...
نیگا ئاگراوییەکانی– بە میهرەوە– بمکەنەوە بە هەڵم ،، تا...
بمخاتەوە ناو قەیاسە شڕ و بێشوناسەکەی– با –

لە وێندەرێ...من دەچمەوە کوخەکانی خەتا
نێو سیاچاڵەکانی بێوچانی
نێو دەهلیزەکانی هەراسانی
نێو پاکیزەییە پەیدەرپەییەکانی مناڵی

**من ڕ ە ز م ی گشت ئەو ڕێیانە دەبڕم ، تا... بێمەوە**
**ناو جوگرافیای گوناهەکانی خۆم ،تا... بگەمەوە**
**بۆ ماڵە سەربەخۆ و پڕ حیکمەتەکەی ڕۆحی خۆم .**

**یەکێك لە هەڵە قەشەنگەکانی باران ئەوەبوو :**
**شاعیرانە: س ە م ا ی دەکرد**
**شاعیرانە: د ە ڕ ۆ ی ش ت**
**شاعیرانە: خ ە و ن ی دەبینی**
**شاعیرانە: د ە ی ن و س ی**
**شاعیرانە: د ە ی خ و ێ ن د ە و ە**
**شاعیرانە: ع ا ش ق دەبوو**
**منیش دەمگووت :**

**ئەی ئاوازە بە مزگێنەکەی زامی من ، وندەبیت لە شەوەزەنگەکانی دنیایەکدا**
**کە هێشتا شەریعەتی شیعر گومناوە تیایدا**
**هێشتا شیعر بێنیشتمانە تیایدا .**

**باران : فرمێسکی ئەو هەورە پیر و بێکەسانەن ،تا..مردن**
**نەیانزانی**
**زیندانەکانی زەمین نیشتمانە...،یا زامە بەسوێ و سەرمەدییەکانی ئاسمان !**

**لە بیابانی تنۆکە بارانێکدا دیوانەیەکی ئێشکگرم..و**
**بە تەنێ**
**بیر لە سەجەرەی باران..و**
**بەرەکەتی برینەکانی– با – و**
**هەوا و هەوەسی سووتانە بێهەدادانەکانی هەور دەکەمەوە .**

**با ئەو مۆمانەی باران دابگیرسێنین ،تا...**
**تاریکی قوڕگی تەڕ بکا..و**

نەستی تەورات و
نا مومکینیەتی ئینجیل و
هزری قورئانمان..،بە تەڕاوەترەوە بۆ بخوێنێتەوە .

لە جاری جارانەوە.. لە ئەبجەدییەتەکانی تەنهاییمانەوە
بە هەڵقوڵینی ئەستێرە لە بەرهوتەکانی شەودا ، نەمانزانیووە
زایە بوونی..، زایینی زنەی لالە–زار– یٚکی لانەواز ، یەعنی چی...؟
قەریحەی مەحەبەت..، بۆ حەبیبەی ڕۆح
لای حەزرەتەکەی– بادی خۆش مرور– یەعنی چی...؟

ئیدی بەم شپرزەییەمەوە ، شەو :
بە کوچەکانی خۆیدا بردمی و
ئەستێرە بێماڵەکانی پیشاندام

– با – بە مۆزەخانەکانی خۆیدا بردمی و
کچە ئاوییە ڕووت و قووت..و بێبارەکانی عیشقی پیشاندام .
ئیدی... بەو شەیداییەوە
بە ت ە ر ی ق ە ت ی بارانەدا
چوومەوە سەر پەرستگا بێشوناسەکانی ئاسمان...و
لە وێندەرێ ، لە کیسرا ئەبەنوسییەکەی شەونشیندا
بە ئەستێرە ڕۆح سووکەکانم گووت : بە فیتی کێ بوو
کەللەسەرەکانی باران بەر شمشێری برووسکەکان
کە
و
تن... ؟!
ئەی ئەو تنۆکە بارانە شەهیدانەی ، لە چاوەکانتانا
هێشتا خۆر بە هەست و پێستەوە

**نوێژی پاكێتی دابەستووە**

**چما نایێژن : ڕۆژگارە بەژانەكانی مەحاڵستان**

**لە دەم كەلی چ كەرنەڤاڵێكدا**

**هەڵدێن و ئاوا دەبن !؟**

**ئەوەی توانیم لە تەنیاییە بەمرووەتەكانی تێبگەم..بارانبوو**

**ئەوەی نەیتوانی لە تەنهاییە بێمرووەتەكانم تێبگات..بارانبوو**

**ئەوەی فیتنەكانی پەنگی خواردەوە لام..بارانبوو**

**ئەوەی ئافاتەكانم پەنگی نەخواردەوە لای..بارانبوو**

**باران**

**باران...باران**

**لە گشت شتێكدا بەختم یار بێ..من**

**باخی بارانەكان نابێ...، قەت......قەت**

**میوەی ه ە ق ی ق ە ت م بۆ**

**ناگرن !!**

**بەختگرەوەیەك بوو ،گووتی پێم :گەرچی هەموو لە حەسارەكانی هەوریشدا گەورە بووبێتین وەلێ هەموومان لە كۆلانەكانی باراندا نابینەوە منالْ !**

**هیچ شتێك بۆی نەبوو پێی ناموبارەكی بنێتە ماڵە**

**موبارەكەكەمانەوە**

**كەچی كە حەوشەكەمان دەبووە : جێژوانی عیشووەی**

**جریوەكانی باران و**

**جریوەكانی تیشك و**

**جریوەكانی چۆلەكە و**

جریوەکانی گەلا و
جریوەکانی ئێوارەیەکی دڵنشین
نەنکم بە هێورییەکی خواهانەوە ، سەری هەردوو کلاوەی ئەژنۆی
دەنا بە سنگیەوە و
لەسەر ڕەزمی تەزبیحە بێزمانەکەی ، خۆی ڕادەژاند و
بە دەم سەڵلای پڕ بخورەوە.. دەیگوت :ئەڵلا..ئەڵلا.ئەڵلا .

چ زوهدێکە..نوێژ لە مزگەوتی زەمزەمەکانی گەلا ڕێزانێکدا
چ بەختەوەرییەکە..خەتخەتێن لەگەڵ خورپەکانی دڵی خۆرەتاوێکدا
چ سیحرێکە..نووسینەوەی ئایەتە نەنووسراو و سرکەکانی سەوزایی
چ حیکمەتێکە.. حونجە کردنی حوزنی کوندەپەپوو ،
پەپوولە نوورانیەکانی باران ،
لە وەختێکدا : هەڵدەفڕن بە خەمانی خەراباتێکدا .

قارچکە تاج بەسەرەکان ، بە درەختە خێڵەکیەکانیان گووت :
ڕێزەیەکیش بێت..چەترە جارڕسکەرەکانتان لار بکەنەوە ،با..
بادەی باران ،
پیتە پەتیارەبووەکانی ڕۆحی ڕۆحمان بلکێنێ بە یەکدییەوە .

ئەستێرەکان چلورەی گوێسوانەکانی
ئاسمانن و
بارانیش چۆ
ڕا
و
گە
یە .

چ گوڵستانێکی سەوز و سرکە ، ئەو شاهەستەی...
سەراسیمەی خورافیاتەکانی جوانی و جوانییەکانی ، وەسوەسەیە !!

پەنجە شمشاڵیەکانی باران نەبایە...، لەم سەفەرستانەدا
کێ هێند ئوستادانە ، پیانۆی – با –ی بۆ دەژەنین ؟

من لە ڕۆژمێری گوڵی ژاڵە و
لە دەفتەری تەڕی نیلۆفەر و
لە سەر تەختە ڕەشی شەوێکی شادمان و
بە ئەگریجەی شەمزاوی تیشکەوەم .
چڵوچێوەکان دەستنوێژ بە من دەگرن و
ڕەگ ڕۆژوەکەی بە من دەشکێنێ .
(( باران..بە دەم ساز ژەنینەوە ئەمەی دەگووت )) .

گەر دەتەوێ ، بە نەستی هەورێکی کۆچەری ئاشنا ببی
لە نێو بێشەلانەکانی بارانیدا سەما بکە
گەر دەتەوێ ، بە نەستی بارانێکی مەست تەڕ ببی
بە نێو ڕۆحیانەتی گوڵێکی گریاو دا تێپەڕە
گەر دەتەوێ ، بگەی بە نەستی گوڵێکیش
لە باخی بێخەیاڵی عیشقێکی شێتانەدا شین ببە .
(( با.. بە دەم سەماوە ئەمەیدەگووت )) .

پیاو باوەش دەکا بە شەققەی باڵ و مەعبەدە پڕ لە دڵە ڕاوکێکەی ژنەکەیدا
دواتر..دایك باوەش دەکا بە هێشووە وشە ئاقیقیەکانی ڕۆحی کۆرپەڵەکەیدا
منداڵ باوەش دەکا بە گەنجینەی– مەحالاتەکانی – بووکۆکەکەیدا
دواجار..منیش باوەش دەگەم بە پرشنگە ناشناکانی بۆشاییدا
(( میدیتاسیۆنی..دڵۆپە بارانێکی کاهین ئەمەیدەگووت )) !

من له نێوان ( plot )ه ڕەنگاو ڕەنگەكانی باران و
( Mask ) ه بێ سیماكانی باراندا ،، له دایكبووم و سەفەرم دەسپێكرد
عیشقم كرد..و بیرم له مەنفاكانی بیركردنەوه كردەوه
تەنێ قەبیله بێمەراقەكانی بارانن..، پاشقول له خەونه بخورییەكانی
یەكدی ناگرن
میز ناكەن به مەعبەدەكانی یەكدیدا
سوك له ڕەقسەكانی ڕۆحی یەكدی ناڕوانن
كەس به ڕێگای گیانی ئەویدیدا گوزەر ناكات
وێدەچێ،قەبیله تاقانەكان:هێشتا لاوژەی ناو ژاوەژاوەكانی ژیان بژنەون !

هەموو گۆڕ غەریبێ له شابەیتێكی باران دەچێ
بارانیش له خەرمانەی خەمانی خۆی
منیش له ئەشك و كسپەی هەردووكیان !

هەور و باران ، نزیكترین دوژمن و
د و ر ت ر ی ن
دۆستی یەكدین !

كێیه سەمای بارانه باڵسووتاو و
سترانی- با – یه دەنگنووساوەكان.... ڕێكدەخاتەوه ؟!

له بورجه ئاوییەكانی باراندا..من
پیاوێكی تەمتومانی و
تریقانەوەی قەوزەیەكی قەرسیلیم

بەم خەزنانەوه دەڕۆم :

**بۆ حەرامسەراکانی( لەوحی مەحفوز )**
**بۆ یەکەم دابڕانی باران..لە لاوکی میحرابەکەی**
**بۆ یەکەم خیانەتی ڕەشەبا..لە میلۆدیاکانی پەپوولە**
**بۆ یەکەم نۆستالیژیا نەژاکاوەکانی..ئەو دیوو**
**چاکە و خراپە .**

**ماندووم و تا هەنووکەش : لە دەغڵەکانی باراندا**
**لە شەڕی پەپوولەکانی هەور و**
**کوللەکانی بروسکە دەڕوانم**
**(( ئای لە من..چ خلەفاوێکی بێعارم ))!**
**بیرم نایێ..یەکەمجار لە چ کوچەیەکی بێچارەی ، غەریبیدا بوو**
**بە یەکەم چامە چاپنەکراوەکانی باران ئاشنا بووم**
**ئەو دەمە.من– تالیس–* ێکی ساوا بووم و**
**هەور مەمکی خۆی دەنایە دەممەوە و**
**لە موعەمماکانی بارانم دەخواردەوە؟**
**یا ئیرۆسێکی هەرزەگۆ بووم..و گەرەکم بوو لۆگۆسی**
**عیشقێکی خودایی**
**بە وەچەی تنۆکە تەڕەبووەکانی بارانێکی بێسەواد بلێمەوە ؟**
**یا – نیتشە– یەکی دیوانەی ( کۆتایی ڕەنجی ) ئەشکەوتەکەم بووم و**
**بەو پیرییەوە گەرەکمبوو**
**هەتوان.،، لە چۆڕاوگەکانی خۆر بدزم و**
**برینی سەر دڵی تاریکستانە ئەزەلیەکانی پێ سارێژ بکەمەوە**
**بە گیانە بێگوناهەکانی باران نازانم !؟ هێند دەزانم.....**
**باران کەرنەڤاڵی خومارییانەی هەورێکە کە نەشئەیە !!**

**خاشخاشی باران :**
**بە پەڕەی کلووە بەفرەکانی مەنفام دەپێچمەوە و**

دەینێم بە لێوی خەتاکانمەوە
خەتای پەپوولە ڕەبەنەکانی فەرامۆشی و
خەتای گوڵە بێنیشتمانەکانی– با – و
خەتای یەقینەکانی – وجود – بە گومانەکانی – عەدەم –

باران دوورگە بێشووماڕەکانی هەورن..لە کیشوەرەکانی
ب ۆ ش ا ی ی د ا
تەرمیناڵەکانی شیعریش چۆڵ و هۆڵن
کێ بۆ ماڵی بارانمان دەبا
دەشێ تەنێ بارانبێ....
بە ئەقڵی ڕۆحم و
بە دڵی ڕۆحم و
بە جەستەی ڕۆحمدا ڕ ێ دە ر ببا !

گەر لە بۆشاییەکانی ڕۆحماندا
شەتڵەکانی باران بنێژین
کێ دەزانێ : چ خەیاڵێکی خاڵخاڵۆکەیی گوڵ دەردەکات و
چ فەسڵێکی ئەفسووناوی نەناس دەناسێن و
کۆترە باریکەی چ............، کەڵکەڵەیەکی کەوی نەبوو
لە ئاسمانی سینەدا ،
بەرە و بێسنووری سەرمەدییەتەکان
بە نێو بێشەڵانەکانی ئەشکەنجەدا،لە شەقەقەی باڵدەدات و
خەرمانەی چ ...خەندەیە لە سەر لێوی تەڕی ئاو
– خود– ی خۆیمان بۆ خەرامان دەکات ، کێ دەزانێ.......؟

باران خەندە بێشووماڕەکانی ئاون
بە سەر لێوی گەزیزە و

خونچەکانی چەم و
نیلۆفەری ڕووبار و
دالیای دەریا و
گوڵە قەیفەی ئۆقیانووسەکانەوە

( بیرم نەچێت )..لە کڵێسای بارانەکانی مەنفامدا
مۆمە کافوورییەکەی ( ئەوەڵ سەحەرە ) و
مۆمە شینپۆشەکەی ( کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە ) و
مۆمە ڕەشپۆشەکەی ( مەجنوونە بێکەسەکە )
لە ئەیقونی خۆرنشینی یادوەرییەکانمدا هەڵبگیرسێنمەوە .

من – با– یەکی غەریب و ڕۆح تینووم و
وشە بە ورشەکانی سەر تەوێڵی هەور هەڵدەکەنم و
دەڕۆم ....وە نێو غوبارەکانی بارانێکیدا و
هەروەکو – با – یەکی مەحروم :
لە هەرزەکاری هزر و
لە مناڵێتی خەیاڵ و
لە شێتێتی هۆش و
لە ویقاری مەعریفە و
لە پیڕستی پرسیار و
لە پیرێتی ڕەنج
سەر دەکەمەوە وە نێو قەڵا عاسیبووەکانی عەدەمدا و
هۆرەی جافی.......، بۆ مەحاڵاتە حاڵ لێهاتووەکانی
وجودە جەفادارەکەم دەچڕمەوە.

کێ بە ئایەتەکانی من باوەڕ دێنێ ؟
کێ لە سەر بەردە نوێژی مانگە شەوێکی نەژاکاوم بانگ هەڵدەدا و

میحرابێك لە حەیرانۆكێ
بۆ سریشكی بارانە ناز نەكراوەكانم دەسازێنێ ؟
كێ دەزانێ..بۆ خودا منی بێچارەی لە خۆیدا هەڵگرت و
نسكۆی سوڵتانەكانی بارانی
بە عەرشی چاوی من دەسپێرێ ؟! كێ دەزانێ......

هەور و – با – دوو باڵندەن
هەمیشە.. دەنوكی باراناوی لە ڕۆحی یەكدی هەڵدەسوون .

ئەو دارستانە كەسكەش...كۆتەڵی
ئەو بارانەن، كە لە جەنگی سێهەمی مەنفادا كوژراون و دەكوژرێن !

بەسمە..لەم غوربەتیەدا باڵەكانم لە بارانبێ و
پەڕم لە هەور و
بروسكەش نەغمەیەك بێ لە دەنگم .
بەسمە..لە سەر مۆسیقای چەمەنێ ڕابكشێم و
گوێ لە گۆرانیەكانی– با – بگرم و
لە سەمای بارانە مناڵەكانیش ورد ببمەوە .

ژیان چیە...جگە ،
لە كۆڕاڵی– با – و ڕەشبەڵەكی باران و
گۆڤەند لە ناو چەمەنەكانی مناڵمەندێتیدا !؟

مەنفاش
ئا مەنفاش گیاكەڵەی ڕۆحە، تا هەڵیبكەنی زیاد دەكات
((مەنفانشینەكان لە شەونخونیەكاندا وەها دەڵێن))

جۆگە سنگی بۆ پەنجە تینووەکانی باران
ترازاند.. و
عەرد و – با – ش،بوونە پەردە کوللە و پێخەفیان

هەرچیم دی لە بۆماوەی بارانبوو
من.. باوکم بروسکە و دایکیشم هەور بوو
فرمێسکێ بووم
زەنگۆڵێ زەنگوڵێ بە گۆنای سفتی – با – دا دەهاتمە خوار
هاتمە خوار و لەسەر کێلە کریستاڵیەکەمدا
وێڵێ – با – یەك هێدی هێدی بیرەوەرییەکانمی دەنووسیەوە
تا لە ئەیقونی ژوورەکەیدا مۆمی مەراقیم بۆ دابگیرسێنێ و
لە وەجدی تەنیاییەکەیدا ، پڕی بکەم
لە بخوری خەڵوەتم و
دارا دوو داری ئیدراکم و
قەباعەت و عیشووەکانی مەعریفەم و
لە نەشئەی لاشعوری شیعرێکی شەیتانیم و
پڕ ببێت لە وڕێنەی جوانجوانی غەریبیم و
پڕ ببێت لە هیچ..ئا هاوڕێم هیچ !
هیچ سێبەری نهێنیەکانمە و
نهێنیەکانیشم سێبەری بارانن
باران : سێبەری هەورە و
هەوریش پەڵە سێبەرە پەرتبووەکانی کەون
ئا..فیگۆرە ئەفیونیەکانی من و کەون یەکین
تەنێ لە سایەی سکێچەکانماندا نەبێ.. پاراڵێڵین
دەنا دەنگمان هەمان دەنگە و
سەماکانمان هەمان سەمان
مەرگ و لە دایکبوونمان هەریەك وازین

گەرچی زەمەنی ئەو بە پێپلیکانەی زەمەنە وردیلە و ئاوارەکانی
عومری مندا نەبایە ، نەدەگەییە ئەو بەرزییە
ئەو بە ڕازەکانی منەوە ، قنج و قیت و قشتیلەیە
هەرچی دەربارەی داستانەکانی باران دەیزانن
لە خەزێنەی گوناهەکانی زمانی منەوەیە
من ..لە کۆتایی هەموو خەونێکی ئەودا سەرەتام
سەرەتام ، لە دەستگرتنیدا بۆ کاروانسەرا ئەنگوستەییەکانی مەحاڵ
کە گوڵێك لە باخچەکانی من هەڵنوتا...،گەردی گوڵەکانی ئەویش دەوەری
کە ئەو کەوت ،کێ دەزانێ من لە چ سروتێکدایە دەسرەوم..یا دەکەوم ؟!
ئەو لە– هیچ – ستانی خەراباتەکانی مندا بوو بە شت
من لە– هیچ – ستانی خەونەکانی ئەودا بووم بە غەریبێ
تا بە ناویدا بگەڕێم ئەو تەواو نابێت
تا بەناومدا بگەڕێت ئەو تەواوم دەکات !
سەیرە....
ئێمە بە دوو سەگی ڕەش و سپی دەچین
بە ئەمەکین بۆ قانوونەکانی قەدەرمان و
بە دەست خاوەنە ڕۆح گزگلەکانمانەوە ،بە یەکدی دەوەڕین
چ نییە..گەرەکمانە لە نەفرەتەکانی زەلیلی بگەین
دەوەڕین : وەو..وەو..وەو..وەوووو
ئا هەر بۆ شۆخی دەوەڕین !

با بنواڕین لە هەیبەتی ئەو دەهۆڵژەنانەی – با – دەکوتنەوە
ئێمە چۆن گوێمان کەڕ نابێ
لە نێوان چەپڵە ڕێزانی جەنگەکان و
فیکە فیکی باڵندەکان و
جرتلێدانی جۆگەکان و
هەلهەلەکێشانی ئەستێرەکاندا

چ گۆڤەندێکی سەیرە ژیان ؟!
باران دەبارێ
مرۆڤ دەبارێ
شکست دەبارێ
شیعر دەبارێ
عیشق دەبارێ
سەفەر دەبارێ
مەنفا دەبارێ...لەو بارینەدایە :
پشکە شەونمی سەرگوڵە موعەمماکانی وجود ناودەنێین
ژیانستان
عەدەمە خۆ حەشاردەرەکانی نێو گێرفانەکانی بارانیش ناو دەنێین
مەرگستان
ئا..ئا ، هەر دەڵێن بارانیش کەونێکی تری ناو هەورە و
لە دووی شێوازە شەکەربارەکەیدا دەگەڕێ
تا تیا : ش
ۆ
ڕ ببێتەوە
بۆ دوا کەوشەنەکانی بۆشایی و
بۆ دوا ئەشکەوتە درەوشاوەکانی ڕۆشنایی و
بۆ دوا خۆڵەمێشی شەفەقەکانی تەنیایی و
بۆ دوا سەبووری نسارەکانی بێمانایی .

مەلەکوتە فەنا بووەکەی منیش :گەردی هەڵاڵەیەکە
کە شنە قژی شانە دەکا و
کراسی شەوبۆیەك دەپۆشێ و
عەتری – عەنبەر خاتونێ – لە خۆی دەدا و
دەکەوێتە کۆڵانەکانی – با – وە

تا بارانە دڵبریندارەکان
خۆیان لە سیحری سێبەرەکەی هەڵسون و
عاشقانە پێی بێژن : شاجوان
( حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ) ؟

ێ
ێی
بارانە
سرك و سیاچارەکانی ڕۆحی من :
ئێوە وشە هەڵکەنراوەکانی سەر بەردی هەور بوون و
بە دەستی – با – یەکی ناگەهان بوو هەڵوەرین
جارێ ماجەراکانی ترتانم نەخوێندۆتەوە
کەچی لە سەفەرەکانمدا دایکم
ئاو لە دووم دەڕێژێ و
زوو..زوو پێمدەڵێت :
کوڕە
کەم

( هەرچی تەڕ بوو باران نییە )
هەرچی وەچەی بارانیش بوو بێگوناه نییە !!

سەرەتای ئایاری2000